ئەملین بنکهرست

ئەو ئافرەتەی کە یەکەم داوا کار بوو بۆ مافی ئافرەتان

وەرگێڕانی: فازڵ عەباس

- ئـەملین بنکهرسـت لـە سـاڵی 1858-1928 ژیاوە.
- ئـەملین بنکهرسـت سـێ کچـی هـەبووە (کریستا بیل و سلیڤیاو ئەدیلا).
- ئـەملین بنکهرسـت خـێزانی دکتـۆر (ریچارد)ی پارێزەر بووە.

(ئەملین) یەکەم کەس بوو یەکەم دەنگ بوو بەرز بۆوە بۆ وەرگرتنی مافەکانی ئافرەتان لە ئینگلتەراو لە دوایشدا جیهان.

ئەو خەباتێکی بێ وچان و تێکۆشانێکی دوورو درێژی لەم پێناوەدا کردووە تووشی جۆرەها چەرمە سەری و ئازارو بەندیخانەو ناخۆشی بووە تا لە ئاکامدا پەرلەمانی ئینگلتەرا بەو پەڕی ڕێزەوە لە بەردەم ئەو ئافرەتە شۆڕشگێڕەدا وەستا لە ساڵی (1918)دا، دانی بە یاسایەك دانا کەمافی ڕەوای ئافرەتی تیا دیاری کرا. (ئەملین) باوەڕی زۆر بەهێزو بەتین بوو بەرامبەر بەمەسەلەکەی خۆی، کەمەسەلەی ئافرەتان بوو. بە جۆرێك هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو لەو پێناوەدا.

هیچ هێزێك نەبوو بتوانێت(ئەملین) لەو مەسەلەیە دوور بخاتەوەو زاڵ بێت بەسەر بیروباوەڕی پیرۆزیدا. بەندیخانەو ئازاردان و ڕاونان بوو بە هۆی ئەوەی کە زیاتر خۆی تەرخان بکات بۆ تێکۆشان، توانی ماوەی زیاتر لە (60) ساڵ ئالای تێکۆشان هەڵگرێ و خۆی بکات بە مۆمێك بۆ ڕووناك کردنەوەی ڕێگای مافی ئافرەتانی ئینگلتەرا. مافی ڕەوای ئافرەتان زیاتر ئەوی خستبووە بیرکردنەوە. کاتێك کە دکتۆر (ریچارد)ی هاوسەری سەری نایەوە نەبوونی باڵی بەسەر خۆی و هەرسێ کچەکەیدا کێشا. ئینجا نەبوونی گەورەترین دەوری دی لە ژیانی ئەو ئافرەتە دڵ گەورەیەدا. بەڵام (ئەملین) زۆر شانازی ئەکرد بە دکتۆر ریچاردەوە بە گەورەترین مامۆستاو ڕێ نیشاندەری خۆی دادەنا. (ئەملین) تەنیا بە تێکۆشانی خۆی ڕازی نەبوو بەڵکو کچەکانشی خستبووە سەر هەمان ڕێگای تێکۆشان. هەوڵێکی زۆریاندا تا توانییان یەکەم (یەکێتی ئافرەتانی ئینگلتەرا) دابمەزرێنن کە گەورەترین یەکێتی بوو لە تێکۆشانی ڕامیاری کۆمەڵایەتی‌دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تێئەکۆشان بۆ سەرکەوتنی مەبەستەکانیان. (ئەملین) زیاتر لە (20) ساڵ لەگەڵ دکتۆر (ریچارد) ژیاو لەو ماوەیەدا زۆر تاقیکرنەوەو بیروڕای باش فێر بوو. هەر چەندە دکتۆر ریچارد پارێزەرێکی زۆر گەورە بوو پلەو پایەیەکی لەناو کۆمەڵدا هەبوو بەڵام زۆر بە هەژاری مرد هیچی لە پاش بەجێ نەما تەنها ئەو خانووە بچکۆڵەیە نەبێ کە خۆی و سێ کچەکەی (کریستا بیل) و (سلیڤیا) و (ئەدیلا)ی تیا ئەژیان. (ئەملین) تەماشای کرد هیچ چارەیەك نییە خۆی و ئەو سێ کچە لە نەبوونی ڕزگار بکات تابتوانێ بە ئاسانی بگاتە ئەو ئامانجانەی کە لەگەڵ دکتۆر (ریچارد)دا بنیاتیان نابوو دوای هەوڵێکی زۆر بەهۆی چەند خێزانێکی پایەدارەوە توانی کارێك بدۆزێتەوە بەناو نیشانی (نووسەری لە دایك بووان و مردووان) لە شاری (مانچستەر) ئەو کارە زۆر باش بوو بە ئاسانی ئەو خێزانە تێکۆشەرە دەژیان.

لەو ماوەیەدا (ئەملین) زۆر لە دایکانی ناسی و پەیوەندی پێوە کردن بوو بەهۆی ئەوەی زیاتر بچێتە ناو کۆمەڵی ژنانەوە، توانی لە ماوەیەکی کەمدا بە هەزارەها ئافرەت ڕابکێشێ بۆ ڕێگای تێکۆشان. بەتایبەتی ئەوەی خستبووە مێشکییانەوە کە هەموو دایکان بە دەستی نەبوونی و بێ ئیشییەوە دەناڵێنن و مافیان پێ شێل کراوە.

(ئەملین) ناچار بوو کە کار بەجێ بهێڵێت و دەست بکات بە چنینی قوماش لە دوکانێکی خنجیلانەداو، زیاتر هەوڵی تێکۆشانی دەداو ئاگری شۆڕش گرو گڵپەی ئەسەند لە دەروونیدا. لەگەڵ ئەوەشدا دایکی و باوکی (ئەملین) زۆر هاندەری بوون بە تایبەتی باوکی (روبرت جولدان) کە بەڕێوەبەری کارگەی پوختە کردنی لۆکە بوو لە شاری (لانکشایر). لە کاتێکدا دەوڵەتی ئینگلتەرا بە پلەیەکی زۆر سووك تەماشای ئافرەتیان دەکردو مافیان پێشێل دەکردن و بە دەیان جۆر ئازارو ئەشکەنجەی ئافرەتیان دەدا، تا وای لێ هات (ئەملین) ناچار بوو دەنگ بەرزکاتەوە ببێت بە یەکەم داکۆکیکەری مافی ئافرەتی ئینگلتەرا بەڕێگای تێکۆشانی توندو خۆ پیشاندان و پێشکەش کردنی داواکارییەکانی بەدەوڵەت. لە ئەنجامدا لەگەڵ هەزارەها ئافرەتدا (ئەملین) بڕیاری هەڵگیرساندنی شۆڕشیدا لە دژی دەوڵەت و لە هەموو شارەکاندا خۆپیشاندان دەستی پێ کردو پیاوانی دەوڵەت دەستیان کرد بەگرتن و کوشتن و ئازاردانی ئافرەتان. بە دەیان ئافرەتیان کوشت و بەسەدانیان سەر شکاندو بە هەزارانیان لە بەندیخانە توند کرد. بەڵام بەم کارە یەك تۆز لە بیروباوەڕی (ئەملین)و ئافرەتانی تر نەهاتە خوارەوە تاوای لێ هات بوو بە جێگای مەترسی دەوڵەت. وەزیری ناوخۆی ئینگلتەرا (ولیام گلاد ستن) نا چار بوو لە بەردەم (ئەنجومەنی عمومی) بەریتانیادا وتارێکی خوێندەوە - وتی:-

(ئەمڕۆ دەوڵەتی ئینگلتەرا بەرامبەر شۆڕشێکی زۆر سامناك وەستاوە کەتا ئێستا وڵات نەیدیوە بۆ ئەوەی ئێمە چارەسەری ئەو گیروگرفتە گەورەیە بکەین چوار ڕێگامان لە پێشە:

یەکەم/ هەموو ئەو ژنانە بگرین و لە بەندیخانەیان بکەین تا دوایی بە ژیانیان دەهێنرێت.

دووەم/ هەموویان کۆبکەینەوە لە وڵات دووریان بخەینەوە.

سێیەم/ بیاننێرین بۆ نەخۆشخانەی مێشك واتە (شێتخانە).

چوارەم/ یاخود مل کەچ بین بۆ داخوازییەکانیان و مافی دەنگ دان و هەڵبژاردنیان پێ ببەخشین.

هەر چەندە وەزیری ناوخۆ ڕازی نەبوو بە هیچ جۆرێك بڕیاری دوایی جێبەجێ بکرێت، هەموو گوێی خۆیان ئاخنی لەو داخوازییە ڕەوایە بەڵام (ئەملین) کۆڵی نەدا. کاتێك هەڵبژاردن دەستی پێی کرد پێش هەفتەیەك پەیوەندی بە هەڵبژاردراوەکانەوە دەکردو پرسیاری لێ دەکردن :- ئایا مافی خۆمان دە دەنێ؟ مافی هەڵبژاردن و دەنگدانمان پێ ئەبەخشن؟

بەڵام هەڵبژێر دراو سەرێکی سور ئەداو بڕیاری لەسەر داخوازییەکەی نەدەدا.

(ئەملین) وتارێکی لە بارەگای یەکێتی ئافرەتان خوێندەوە تیایدا وتی:-

ئەگەر شەڕی جیهانی دەستی پێ نەکردایە لەوانە بوو شۆڕشمان لەگەڵ دەوڵەتدا درێژە بکێشێ. ئێمە کۆڵ نادەین بەڵام لەبەرئەوەی مەترسی گەورەتر هەیە بۆ سەرانسەری وڵات بڕیارماندا شۆڕش بووەستێنین تا کۆتایی شەڕ.لەگەڵ ئەوەشدا مافمان پێشێل کراوە.

کە شەڕ کۆتایی هات هەموو ئەندامانی پەرلەمان و دەوڵەتی ئینگلتەرا ناچاربوون بڕیاری یاسایەك بدەن کەمافی ئافرەتانی تیادا دیاری بکرێت. هەموویان بەشانازییەوە لە بەردەم (ئەملین بنکهرست)دا وەستان و بڕیاری یاسای مافی ئافرەتانی ئینگلتەرایان دا، کەبریتی بوو لەوەی کە ئافرەتانی ئینگلتەرا مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان هەبێ بەپێی یاسای تازەی ساڵی 1918.

(ئەملین) بەوەش نەوەستا لە ژیانی تێکۆشانیا دەیویست زیاتر پەرە بدرێ بەو یاسایە بەڵام مەرگ لەوە زیاتر ڕێگەی پێ نەداو لە ڕۆژی 12ی حوزیرانی ساڵی 1928 کۆچی دوایی کرد، هەر ئەو ڕۆژە بوو کە بەهۆی مردنییەوە یاسای سەربەستی درا بە ئافرەتان. دوای ماوەیەکیش پەردە لەسەر گەورەترین پەیکەر لادرا کەپەیکەری (ئەملین بنکهرست) بوو یەکەم داواکاری مافی ئافرەتان لە ئینگلتەرەو جیهان.

وتەی لاپەڕەکە

ئەم لاپەڕەیە تایبەتە بۆ بابەت و نووسین کە پەیوەندییان بە ژنان و ئافرەتان بە گشتییەوە هەیە. لە نووسینی ئافرەتان خۆیان، یاخود لە نووسین و ئامادەکردن و وەرگێڕانی لاوان و پیاوان، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە بۆ ئافرەتان گرنگن.

تەرخان کردنی ئەم لاپەڕەیە، لەو باوەڕەوە نەهاتووە کە کێشەکانی ئافرەتان لە پیاوان جیا بکەینەوە، ئێمە هەمیشە خەباتمان لەپێناوی یەکسانی دایە. بەڵام بێگومان ئافرەتان هەندێ کێشەو بابەتی تایبەتییان هەیە کە دەبێ باسیان لێوە بکرێ.

ئافرەتانی ئەم کوردستانەی ئێمە، لە زۆر بواردا، لە پیاو دواکەوتووترن، بۆ نموونە ڕێژەی نەخوێندەواری لەناو ئافرەتاندا زۆر لە پیاو زیاترە.. هەروەها ئافرەتان زۆر لە پیاوان چەوساوەترن، لە هەندێ بواردا وەك هەڵبژاردنی هاوسەر، کرێی کەمتر لە کاردا، کەمتر خستنە کار، ئەرکی هەمەجۆرەی ماڵ و مێرد و..هتد..

ئا لێرەوە دەبێ بایەخێکی چاك بە مەسەلەکانی ئافرەتان بدرێ، لە گۆشەنیگای ڕاست و زانستییانەی چەپەوە، لەسەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی زانستییانە هەڵوێست لە گشت بوارەکانی پەیوەندیدار بە ئافرەتان ڕوون بکرێتەوە، هەواڵی تێکۆشان و بزاڤەکەیان و ڕێکخراوە تایبەتییەکانیان بڵاو بکرێنەوە، بە تایبەتی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان کە مێژوویەکی پڕ لە شانازییان لە خەباتی دوورو درێژی ئافرەتاندا هەیە، چ لە سەردەمی (پەیوەستگای ئافرەتانی عێراق- **رابطة المرأة العراقية**) یان لە سەردەمی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان)دا و، کۆششیان بۆ یەکخستنی بزاڤی ئافرەتان و بەتینکردنی هاوکارییان لە خەباتیاندا.

لەبەر ئەوە ئەم لاپەڕەیە چاوی لە قەڵەم و بەشداریی ئافرەتانە، چ حزبییەکان، یان سەربەخۆکان، یاخود کۆمەڵەکانیان. هەروەها چاوی لە قەڵەم و بەشداریی نووسەرانی پێشکەوتنخوازە کە کێشە جۆر بە جۆرەکانی ئافرەت بەسەر بکەنەوە، بەڵام زۆرتر چاومان لە بەشداریی ئافرەتان خۆیانە لە گشت بوارەکانی ژیانی ئافرەتانی کوردستان و هەرێمەکەو جیهاندا.

چاومان لە ڕێیەو بایەخ بە گشت بابەتێك دەدەین کە بگاتە لاپەڕەکەو، ڕەخنەمان لێ بگرن و ئێمەش لە هەر دواکەوتنێکدا ڕەخنەتان لێ دەگرین و هەر سەرکەوتووبن.

لاپەڕەی ئافرەتان

فرە ژنی

بەختیار حەساری

شتێکی شاراوە نیە و لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە پرۆسەی بەستنی هاوسەرێتی و خێزان دروست کردن کارێکی کۆمەڵایەتی ئاساییە و ئاستی گۆڕان و پێشکەوتن پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایەوە لەکۆمەڵگای کوردیشدا ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان و خێرا بەڕێوە دەچێ و نەوە لەدوای نەوە بەم شێوازە خێزان دروست دەکەن. تا بە ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا ئەم پرۆسەیە بەشێوەی تەقلیدی و دوور لە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەکانی جیهان بەڕێوە دەچێ...کوڕو کچ یەك نا ناسن و لە ڕێگای کەسی سێیەم و ناسراوی هەردوو بنەماڵە یەکتر دەناسن و پاشان لەسەر بناغەی ناسینی خێڵ و بەرەباب و بنەماڵەوە ڕێکەوتن دەبێ و بووك دەگوازرێتەوە، ئەنجامەکەشی بەپێی پێویست نابێ. چونکە هەر ڕێکەوتنێك بە تایبەتی مەسەلەی خێزان دروست کردن پێویستی بەلێکگەیشتن و یەکتر ناسین هەیە لە بوارەکانی فیکری، سایکۆلۆژی، هۆشیاری و هتد...کەواتە بۆ ئەوەی پرسێکی سەرکەوتوو خێزانێکی لێکگەیشتوو هاوسەنگ دروست بکەی پێویستە کرانەوەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێ سەبارەت بەم باسە گرنگەو چیدی ئەم پرۆسەیە تەنیا لە ڕێگای وەکیل و کەسی سێیەمەوە بە ئەنجام نەگەیەنرێ. هەروەها پێویستە ئەوە بزانرێ کە پرۆسەی ژن هێنان و شوو کردن دەبێ لەسەر بنەمای خۆشەویستی و لێك گەیشتن و قبوڵکردنی ڕاو بۆچوون و ئاستی یەك بێت. گەر وانەبێت ئەوا ڕێچکەی خۆی وندەکات و هەنگاو دەنێ بۆ فرە ژنی و پاشانیش ڕووی پرسەکە ناشیرین دەبێ پێم وایە گەر هاوسەری لەسەر بنەمایەکی مەعریفی و عەقلانی و لە کەشێکی مەدەنیدا بەڕێوە بچێ و کوڕو کچ بە باشی یەکدی بناسن ئەوا دوور دەبن لە زۆر کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی...کۆمەڵێ هۆکاری گرنگ هەن بۆ فرە ژنی یەکێ لەوانە ژنهێنان و شووکرنە بە شێوەی تەقلیدی وەکو جاری جاران. دەبێ ئەوە بزانین ئەمڕۆ دونیا گۆڕاوەو دەبێ کایە کۆمەڵایەتیەکانیش گۆڕان لە خۆدا بکەن و بگونجێن لەگەڵ سەردەمدا. هۆکارێکی تر ئەوەیە لەکۆمەڵگا داخراوەکاندا کوڕو کچ بەیەکەوە بەردەوام بە قەدەغەو حەرام سەیر کراون و ئیش کراوە بۆ ئەوەی ئەم دوو ڕەگەزە دووربن لە یەك هەروەها کۆمەڵگایەکی تێکەڵاو نەبووەو دابەشکراوەتە سەر کۆمەڵی نێرو کۆمەڵی مێ. گەر کۆمەڵگا وابێ ئەوا هەر دوو ڕەگەزەکە بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدا دەبن کەبگەن بەیەك و هۆو ئەنجامی ئەو قەدەغە کراوە بزانن ئەمە سەرەڕای ئەوەی سێکس بۆ خۆی لایەنێکی بەر فراوان و پانتاییەکی زۆری هەست و نەستی مرۆڤی داگیر کردووە وەکو پێداویستیەکی ڕۆحی و جەستەیی ئینسان خۆی سەلماندووە. جا بە هاوسەرێتی ئەو دابڕان و چەپاندنە سێکسیەی مرۆڤ چارەسەر نابێ و بگرە دەرگایەك دەکرێتەوە بەرووی جیهانێکی قەدەغەکراودا لێرەوە سێکسبازی دەبێتە ئامانج. بەڵام بە حوکمی کۆمەڵێ قەیدو بەندی کۆمەڵایەتی سێکسبازییەکە دەشەرعێنن و ڕێگا بەفرە ژنی دەدرێ کەواتە دەکرێ بڵێین لە جەوهەردا فرە ژنی بریتییە لە ئارەزووی سێکسبازی بێسنوور ئەم حاڵەتەش زیاتر لە ناو ئەو کلتورو کۆمەڵگایانەدا مۆدێکی هەیەو ئەنجام دەدرێ کەباوەڕیان بەژن و پیاو وەك یەك بونیان نیە. چارەسەریشیان تەنها لە مپەردانان و چەپاندنە.. بەپێی شەریعەتی ئیسلامی فرە ژنی کارێکی ئاسایی و ڕێگە پێدراوە، سەرەڕای ئەوەی هەندێ مەرجی لەسەر پیاو داناوە.

بەڵام پێم وایە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەر هەڵدانی ئیسلام لە ناوچە عەرەب نشینەکان کە جیاوازییەکی ئەو تۆ نەکراوە لەنێوان ئاژەڵ و ئافرەتدا. بۆیە ئەم دەستورە دانراوە کەسەنگێك بۆ ئافرەت دابنرێ. فرە ژنی سوکایییەتیەکی گەورەیە بە ئافرەت دەکرێ. ژن هیچی کەمتر نیە لە پیاو لەبواری هەست و سۆزو مەعریفەو عەقڵ کەواتە ژن هێنان بەسەر ژنێکی تر کارێکی زۆردارانەو نامرۆڤانەیە. هاوسەری پرۆسەیەکی خۆشەویستییە، چۆن پیاو قبوڵ ناکات جگە لە خۆی پیاوێکی تریش ژنەکەی خۆش بوێت و ژنی بێت، ئاوەهاش ژنەکە گەر دەسەڵاتی بێت نایەڵێ ژنێکی تریش ژنی پیاوەکەی بێت. پێم وایە مرۆڤ ناتوانێ لەیەك کاتدا دوو کەسی وەکو یەك خۆش بوێت جاکە ئەو دووکەسە هاوسەریش بن. جگە لەمە فرە ژنی دەبێتە مایەی تێکچونی شیرازەی خێزان و.. هتد.

خێزان یەکەی سەرەکی کۆمەڵگایەو ژنیش دیارترین تاکی ناو خێزانە بۆ پەروەردەی منداڵ و نەوەی دوا ڕۆژ، سەرکەوتن و پێشکەوتنی خێزان پەیوەستە بە ئاستی فێر بوون و هۆشیاری دایکەوە کەدایك هۆشیارو تێگەیشتوو بوو ئەوا خێزان نموونەیی دەبێ کاتێ خێزان وا بوو ئەوا کۆمەڵگاش نموونەیی دەبێ و ژیانی ئایندە دروست و ئاسوودەو بە ختەوەر دەبێ.

لە کۆتاییدا دەڵێم پێویستە واز لە بۆچوونە کۆنەکان بهێنین و بە بیانوی ناموس پەرستیەوە لە بری ئافرەت قسە نەکەین و بەکەم عەقڵ و کەم فامیان نەزانین. ئازادیان بکەین و لەوەش نەترسین کە ئازاد بکرێن کاری خراپ دەکەن. ئافرەتی ئەمڕۆ ئاستێکی باشی هۆشیاری هەیە، فرە ژنی وەکو دیاردەیەکی دیارو بەرچاوی سەدان جارە بۆوەی ناو داب و نەریتی کلتوری کوردی دواکەوتو تەماشا بکەین و بڵێین شێر شێرە، چ مێیە یان نێرە!

با توندوتیژی لە دژی ئافرەتان کۆتایی پێ بێت

نەجیبە مەحمود

توندوتیژی بۆتە دیاردەیەکی قێزەون و زەق کە لە سەرتاپای جیهاندا پیادە دەکرێ و، ڕۆژ نییە ئافرەت لێی نەدرێ یاخود تیرۆر نەکرێ یان زوڵم و زۆری لە بەرامبەردا ئەنجام نەدرێت کە ئەویش لە ناو چەندین چوارچێوەو شێوازو بیرو بیانووی جۆراوجۆردا بەرجەستە دەبێ.

توندوتیژی ئەو بازنە بەتاڵەیە کە تیایدا ئافرەت بەبێ هودەیی دەسوڕێتەوەو بەبێ ئەوەی پەنجەرەیەك بکرێتەوە بۆ هەناسەدانی یان ترووسکاییەك لە سەربەستی هەبێت بۆ شکاندنی ئەو کۆت و زنجیرەی کە لە دێر زەمانەوە دەست و پێی پێوە بەستراوەتەوە. ئەوەی کە کارەساتە ڕادەی توندوتیژی زیاتر لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا بەر بڵاوە کە کوردستانیش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلتورە دواکەوتووەی کە بۆمان جێ ماوەو توندوتیژی چەندین بەشی لەخۆ گرتووەو ئەمانە یەکێکن لەو بەشانە:

1 - توندوتیژی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئابووری، سیاسی.

کە جەستەیی بریتییە لە لێدان، ئەتك کردن بە مانای برینی بەشێك لە جەستە وەك خەتەنە کردن، لووت برین، دەستدرێژی کردنە سەر.

2 - دەروونی کۆمەڵایەتی، سووکایەتی پێکردن جیاکاری نێوان ژن و پیاو، دانانی بە پلەی دوو، نەبوونی مافە سەرەتاییەکان وەك پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، یاخود ڕەتکردنەوەی بە شوودانی بەبێ ڕەزامەندی خۆی لە لایەن کەس وکاری، یان لە بەدیلی خوێندان بە سولحی عەشایەری وەرگرتنی شیربایی، تالوق کردن، ژن بە ژن، گەورە بە بچووك..هتد.

3 - لە ڕووی یاسایی، گەر سەیری یاسا بکەین هەر لە میراتی، فرە ژنی، شاهیدی، مارەیی، هاوسەری، جیابوونەوە، ئەمانە بوونەتە پاڵپشت بۆ ئەو جیاکارییە بۆ دانانی ئافرەت بە پلەی دوو، نەبوونی متمانەی کۆمەڵ بە ئافرەتان.

لە ڕووی ئابووری، ئافرەت کار بکات و نەکات وەك یەك دەچەوسێنرێنەوە لە کاتێکدا کارکردنی ئافرەت بەشداریکردنە لە دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەدا بەشێکی گرنگە لە بوارەکانی ژیان کە سەرچاوەی پاشکۆیی و چەوسانەوەی لە لایەن کۆمەڵگا بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ بۆ چەسپاندنی کەسێتی خۆی لە ژیانی خێزان و کۆمەڵگادا، سەرەڕای ئەوەی ئافرەتان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشداری دەکەن و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بەڵکو لە ڕووی مووچەکەشدا یەکسان نین، لەناو خێزانەکەشدا هیچ حیسابێك بۆ ماندوبوونەکەی ناکرێ بەڵکو ئەرکی سەرشانی قورستر کراوە.

هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئافرەتان لە ژیانی هاوسەرایەتییاندا هەست بەو پەراوێزییەو پلە دووییە بکەن و هەست بکەن کە لەناو خێزانەکانیاندا دەست بەسەرن هەست و تواناکانیاندا دەگرن و ڕێگە نادەن بە ئازادی ڕای خۆیان دەربڕن، بۆیە بێ متمانە ئەبن بە خۆیان و بە بوونیان و بە ژیانیان.

4 - لە ڕووی سیاسییەوە، کێشەی ئافرەتان لەم بوارەدا زۆر گەورەترە کە ئافرەتان لەسەر بیروڕای جیاوازی سیاسی دەچەوسێندرێنەوە. (توندوتیژییان لە بەرامبەر ئەنجام ئەدرێ) یاخود بێکار دەکرێن، جگە لەوەی تووشی ململانێی زۆر دەبن چ لە ڕووی هەڵبژاردنی بۆ ناوەندەکانی بڕیاردان و چ لە ڕووی ئەو نرخ و بەهایەی بۆ کارەکانیان دادەنرێت.

بەهۆی ناتەواوی ڕۆڵی یاسا لە وڵاتی ئێمەدا، یاسایەك پەیڕەو دەکرێ کە ئەویش پاشماوەی یاسای خێڵەو هەر ئەویش بڕیار لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی تاکەکانی کۆمەڵ دەدات. ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ئەو ئابوونەی مانگانە لەو ماڵانەی کە خۆیان بەو خێڵە دەزانن و لە دواییدا ئاگرەکەی پێ خۆش دەکرێ و ئافرەت تیایدا دەبێتە قۆچی قوربانی ئەو بارودۆخە. ئەمەش بۆ خۆی هاندان و ڕێگە پێدانی سەرەك عەشیرەتەکانە لە لایەن حکومەتەوە بۆ نەگەڕانەوە بۆ یاساو کار پێ نەکردنیان.

- لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕاگەیاندن و دادگا دەسەڵاتی چوارەمە بەڵام لای ئێمە ئەو بایەخەی پێ نادرێ و وەك پێویست حیساب بۆ ئەم دەسەڵاتە ناکرێ. گەر یاسا دەسەڵاتی خۆی هەبێت و مافی مرۆڤ بوونی هەبێت و پارێزراو بێت و چەند هەنگاوێك بنرێ بە دڵنیاییەوە ئافرەتان زۆرتر ئاشنا دەبن بە مافەکانیان و چەسپاندنی دیموکراسییەت سنوور دانانە بۆ توندوتیژی کە نەبوونی هوشیاری پەیوەندی هەیە بە بەکارهێنانی دیموکراسییەت وەك مافی ئافرەت، ئازادی بیروڕای جیاواز.

ئەگەر بارودۆخ ئاوا بێت لە کۆمەڵگای خۆماندا ئەبێ چۆن پێناسەی بارودۆخی ئافرەتان بکەین کە لەم قۆناغەدا هەموو شتەکان بە پیرۆز ڕاگرین بە بیانووی ئەوەی یەکێك لەو شتانەی کە ڕەوشتی کۆمەڵگای پێوە بەندە ئافرەتە، بۆیە لە ناو خێزانەکاندا ئاوا مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا دەکرێ ئەگەر بچووکترین وشەی بەرامبەر بووترێت جا ڕاست بێت یان نا ئەوا ئەبێ سزای خۆی وەربگرێ و بە دڵنیاییەوە سزاکەش یان ئەتك کردنە وەك لوت و گوێ بڕین یان دوا پلەی سزاکە تیرۆر کردنە و، هەموو ئەمانەش بە پیرۆزی خێزان دادەنرێ و ناهێڵدرێ لە سنووری خێزان دەربچێت تا یاسا بە دوای دابچێت، بۆیە گەر بچووکترین پیرۆزی لە دەست بدات ڕووبەڕووی گەورەترین توندوتیژی دەبێتەوە.

یاساو داب و نەریتیش بۆتە پاڵپشت بۆ ئەنجامدانی ئەو زوڵم و زۆرەو، هەر بەردەوامیش دەبێت تا ڕۆشنبیرییەکی وا سەر هەڵنەدات کە ڕێز لە کەسێتی مرۆڤ بگرێت و، ئەم دیاردەیەش پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە لەو بیرو بۆچوونانەی کە ئێستا باون، بۆ ئەمەش ئەرکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوەکان، لایەنە سیاسییەکان و کەسانی ڕۆشنبیر، ڕۆڵی دەسەڵات و یاسا بۆ هوشیار کردنەوەی جەماوەر، جا چ لە ڕووی نووسین، ڕاگەیاندنەکان، مێزگرد، کۆڕو کۆبوونەوە پەروەردە کردن لە ڕێگەی قوتابخانەکان کە ببنە پاڵپشت بۆ هەوڵ و خەباتی ئافرەتان هەروەها پێ داگرتن لە جێبەجێ کردنی بڕیاری (59) لە کوردستاندا بۆ بەرجەستە بوونی مافەکانی ئافرەتان و یەکسان بوونیان لە ئەرك و مافەکانیاندا.